شیعر



حەمە عەباس

# جوانییەکانی جەنگ



١

شیعر و شەراب و شەڕی تۆ
هەرسێکیان جوانن
من و مەستی و منداڵیم
هەرسێکمان جوانین
کەواتە
وەرە با کۆکتێلێک دروست بکەین

٢

منداڵ دەبمەوە وەک جاران
دێمە سەر ڕێت و
چوکلێتێکت بۆ دەهاوێم
دەیکەیتەوە.. چوکلێت نییە
شەرم سوورم هەڵدەگەڕێنێ

دوورتر دەکەومەوە دەترسم بمگەیتێ و
سوورترم هەڵگەڕێنی
سوور.. سوور

٣
جەنگ داخم دەکا
داخ داخ
بەڵام ئەو جەنگە نا
کە من و تۆ هەڵیدەگیرسێنین و
عەشق خامۆشی دەکات



٤
تۆ جوانم دەکەیت و
عەشقت دەمکاتە بەفر
ئێستا من پیرە بەفرینەیەکی چوار وەرزەی سپی و جوانم
لە ژێر هەر وەرزێک سەر دەرکەم
نە بەفر لێ دەچێتەوە.. نەتۆ

٥
لەبەر چریکەی جەنگی بێدەنگی کۆترەکان
خۆمان رووت دەکەینەوە
رووت
رووت و قووت
هەقیقەت بە رووتی جوانە

٦
جوانتر لە شەوە شەرم شکاوەکان

هەناسەمان لەبەر ئاوێنە پەرت دەکەین
دەمامکەکان
بۆ جەنگێکی دیکە دادەکەنین
جوانان دەمامکیان ناوێت



٧

بمبەو بمبەخشە بەنیگات
بمبەخشە بە رۆژەکانت
بمبەو چیتر بە دامرکانم مەسپێرە
بمبەو بمدەرە زۆزانێک
بێزار بووم لەم گەرمەسێرە

٨

دەگەڕێمەوە جەرگەی جەنگ
من کە جەنگاوەرێکی کارامەی جەنگەکانم
من کە ختووکەی گشت جەنگێک
بە خوێنمدا دێت و دەچێ وەک جەربەزەترین جەنگاوەری جەنگە جوانەکان
بۆ ئەوەی بەشداری لە جوانترین جەنگدا بکەم
دەگەڕێمەوە جەرگەی جەنگ